www.kurdistannet.org
20:41 12-9-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وڵاتی قەزاو قەدەر ... ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی نەتەوەی کورد مێژوونووسان ئەمانخەنە بەردەمی دەیان گەل و نەتەوەی تـرو خـاوەنـی رابردوویـەکـی دێـرین و درێـژین، ڕەنگـە دوژمنێکـی نـەتـەوەی کـورد بڵـێ ئـەمانـە لـەناوچـە شاخاویەکان ژیاون، ژیان و تەبیعەتیان نزیکبووە لەئاژەڵـە کێویـەکانـەوە، بـەڵام ئایـا ئـەم کـوردە نزیکانـەی ئـاژەڵ بەدرێژی ئـاڵوگۆڕی شارستانیەت و تێکـەڵ بوونیان لـەگـەڵ گـەلان و وڵاتـانـی تـر هـەر رام نـەبـوون و لـەو تـەبیعـەتـە رزگاریان نەبوو، باوەڕ ناکەم کورد لەو مـەکسیکیە شـەپقـە بـەسـەرانـە درێـندەتـر بووبێـت کـەئێستا ئـەوان خـاوەنـی شارستانیەتێك و پێشکەوتنێکی بەرچاون، یان ئەوەتا دەیان وڵاتی تریش شاخاوین وەك چین و یابان و زۆریتریش کەچی ئێستا ئەوان لەلوتکەدان.

ئەگەر بەشۆڕش و تێکۆشانی کورددا بچینەوە ئەوەندەی دەیان گەل هەوڵی داوەو خوێنی خۆی ڕشتووەو خاوەنی حکومات و ئیمارات و دەزگای دەوڵەتی بوون، گەرچی سەرەتاییش بووبێت، گوایە ئەوانە هیچی فێری ئەم گەلە نەکرد.

ئـەگـەر کاریگـەرییـە ئابووریـیـەکـان و گـەشـەکردنـی سیستمی ژیـانی یـەك بـەدوای یـەکـی قۆناغـەکـانی مێژووش بۆ کورد بخوێنینەوە، ئەوا ئێمەش وەك سەدان وڵاتـی تر سـەرەتـا کشتوکاڵی بـووین و ئێستاش ئەوەتا بازرگانی و پیشەسازیش کەوتۆتە ناومان.

ئەی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمـە شارستانیانە بیر ناکـەنـەوەو زۆربـەمـان هێشتا بـەیاسای خێڵـەکـی و تایەفەگەری و خۆپەرستی و درۆکردن و دزی کردن و دەیان سیفەتی ناشیرینی تر ئەچین بەڕێوە.

لەدوای ئازادبوونی کوردستان وامان ئەزانی ئەوانەی بەپەرۆشەوە هەوڵی ئەو ئازادیەیان ئەدا و گیانی خۆیان خستبووە سەردەستیان، هەر بەو پەرۆشیەشەوە هەوڵ ئەدەن خەڵکی ستەمدیدەو خێر نەدیوی ئـەم گـەلـە بـەرەو ئاستێك بـەرن کـەخـەڵکـانـی هـەمـوو دنیـا چـاوی لێبکـەن. کـەچـی سـەد مـەخـابن، بەرژەوەندی تەسکی خۆیان نایەڵێ کـەسـی تـرببینن و عـەقڵـی خێڵـەکـی خانـەوادەو بنـەماڵـەی خۆیـانـی کردووە بەخاوەنی هەموو شت و هـەر خۆیـان بۆیـان هـەیـە هـەمـوو شت قـۆرخ بکـەن و دەیـان و هـەزاران نموونەی زیندوو لەبەردەستی هەموو خەڵکی کوردستاندایە، گەر پێویستی کرد ڕەنگە لەکتێبێکی قەبارە گەورەی چەند سەد لاپەڕەییشدا جێگەی نەبێتەوە، بـەڵام ئەتوانین لـەڕووپەڕی ڕۆژنامەیەکدا خاڵبـەندی چەند سەدیان وەك سەردێڕ بکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.